# هۆکارەکانی ئاسایی و ناوازەیی لە چاوگ و کارە کوردییەکاندا

کازم عەباس زەندی

## پێشەکی

بەڵگە نەویستە کە لە دروستکردنی هەموو شتێکدا، حاڵەتی ئاسایی و ناوازە هەیە، ئەم دیاردەیەش لە دروستبوونی چاوگ و گەردانی کارە کوردییەکاندا دەبینرێت، چونکە هەموویان بەیەک یاسا دروست نابن و بەیەک شێوە گەردان ناکرێن، بەڵکوو هەندێکیان بە یاسایەک دروست دەبن، کەچی هەمان یاسا بەسەر هەندێکی تریاندا جێبەجێ نابێت، ئەم جیاوازییەش بووەتە هۆی ئەوەی لە یەکتر نەچن و هەریەکەیان پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی وەربگرێت، ئەو بەشە زۆرینەیەی کە لە چاوگەکاندا بەیەک یاسا دروست دەبن و ئەو کارانەی کە بەیەک شێوە گەردان دەکرێن، بەئاسایی دادەنرێن، ئەوانەی کە لە یاسای زۆرینە لادەدەن، بە ناوازە و ڕیزپەڕ هەژمار دەکرێن، ئەمەش وای کردووە هەر حاڵەتێک بە شێوەیەک لێکدانەوەی بۆ بکرێت، وا پێویست بکات تێکەڵی یەکتر نەکرێن و وەک دوو بابەتی جیا باس بکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک یاسای گشتی هەیە کە بۆ هەموو چاوگ و کارە کوردییەکان دەبێت، ئەوجا ئەگەر ئاسایی، یان ناوازە بێت، بۆ نموونە: (چاوگ بەسادەیی و ناسادەیی بەکار دەهێنرێت)، (هەموو چاوگێک لەسەر ڕەگێک دروست دەبێت، ئەوجا نیشانەی بۆ دادەنرێت و بە (ن) کۆتایی دێت)، (هەردەم نیشانەی چاوگ، دوا دەنگە لەکاری ڕابوردوودا)، (کاری ڕانەبوردوو بە نیشانەی (دە) دروست دەکرێت)، (کاری فەرمان بە نیشانەی (ب) دروست دەبێت).

## چاوگ و کارە ئاساییەکان

چاوگ و کارە ئاساییەکان بەدوو یاسای سەرەکی دەستنیشان دەکرێن، چونکە بەشی هەرەزۆری چاوگە کوردییەکانی پێ دروست دەبێت و کارەکانی پێ گەردان دەکرێت، لەم دوو یاسایەشدا پشت بە دوو پێوەر دەبەسترێت.

**لە پێوەری یەکەمدا:** دەستووری دروستبوونی چاوگەکان ڕەچاو دەکرێت، چونکە هەموو چاوگە کوردییەکان لە بنەڕەتدا بە (ڕەگ+ نیشانەی چاوگی (ا، ی)+ (ن)ی چاوگ) دروست دەبن، ئەوجا دواتر بەتایبەتمەندی شێوەزارەکان

گۆڕانکاری لە ڕەگ و نیشانەکانیان دەکرێت، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر واتا و هێزی تێپەڕ و تێنەپەڕی هەبێت وەک لە:

- (پۆشتن = پۆشین)
- (کوشتن = کوژین)
- (خواستن = خوازین)
- (ڕێستن = ڕێسین)
- (خواردن، خوارن، خارن = خۆرین)
- (شۆردن، شووشتن = شۆرین)
- (گەیشتن = گەیین)
- (هێشتن = هێلان)
- (نووستن = نڤین)
- (خوێندن = خوەینین)
- (فرۆشتن = فرۆشین)
- (مردن، مرن = مرین....... تاد

لە پێوەری دووەمدا: پشت بە گەردانکردنی کارەکان دەبەسترێت، چونکە دەبێت لە گەردانی کاری فەرمان و ڕانەبوردوودا، ڕەگی بنەڕەتی چاوگ دەربکەوێت، هەردەم کاری ڕانەبوردوو بە پاشگری (ی، یت) یان (ێ، ێت)، کاری فەرمان بە (ە ) یان (ێ) کۆتایی بێت وەک لە:

- (هێنان) دەهێنێ، دەهێنێت... دەهێنی، دەهێنیت - بهێنە.
- (کێلان) دەکێڵێ، دەکێڵێت... دەکێڵی، دەکێڵیت - بکێڵە.
- (سووتاندن) دەسووتێنێ، دەسووتێنێت... دەسووتێنی، دەسووتێنیت- بسووتێنە.
- (سووتان) دەسووتێ، دەسووتێت- دەسووتێی، دەسووتێیت- بسووتێ.
- (ڕێشتن) دەڕێژێ، دەڕێژێت- دەڕێژی، دەڕێژیت - بڕێژە.
- (ڕژان) دەڕژێ، دەڕژێت- دەڕژێی، دەڕژێیت - بڕژێ.
- (ڕژاندن) دەڕژێنێ، دەڕژێنێت- دەڕژێنی، دەڕژێنیت- بڕژێنە.
- (مردن) دەمرێ، دەمرێت... دەمری، دەمریت - بمرە.
- (فڕین)- دەفڕێ، دەفڕێت، دەفڕی، دەفڕیت - بفڕە.... تاد

بە شێوەیەکی گشتی بەپێی ئەم دوو یاسایە، چاوگ و کارە ئاساییەکان دەستنیشان دەکرێن، چونکە بەشی هەرە زۆریانی پێ دروست دەبێت و گەردان دەکرێت، بەمەش ناوازەکان دەردەکەون، چونکە بە شێوەی جیاواز دروست دەبن و گەردان دەکرێن.

## هۆکارەکانی ناوازەیی

چاوگ و کارە ناوازەکان ئەو چاوگ و کارە سادانەن، کە لە دروستبوون، یان لە گەردانکردنی کارەکاندا، لەو دەستوور و یاسایانە لادەدەن، کە چاوگ و کارە ئاساییەکانی پێ دروست دەبێت، ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتییە کە وادەکات نیشانەی ناوازەییان لێ دەربکەوێت، بەلام لەبەر ئەوەی مەرج نییە هەموویان لە ئەنجامی یەک هۆکاردا بەناوازە هەژمار بکرێن، لەوانەیە هەندێکیان هۆکارەکانی ناوازەییان لەیەکتر بچێت و هەندێکیشیان لەیەکتر جیاواز بێت، لەهەمان کاتدا لەوانەیە هەندێک چاوگ و کار لە هۆکارەکانی ناوازەیی هاوبەش بن، بۆیە وا پێویست دەکات هۆکاری ناوازەیی بۆ هەر چاوگ و کارێک بەجیا دەستنیشان بکرێت، تا فێرخواز و خوێنەر ئاسانتر لە لێکدانەوەکان بگەن، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە لێرەدا چەند هۆکارێک دەستنیشان دەکەین، کە چاوگ و کارە ناوازەکان لە ئاساییەکان جیا دەکاتەوە.

**هۆکاری یەکەم:** ئەگەر (ست، شت) لەتەک نیشانەکانی دیکە بەنیشانەی چاوگ دانەنرێن، ئەو چاوگانەی کە بەم دوو نیشانەیە دروست دەبن بەناوازە هەژمار دەکرێن، چونکە لە هەندێک

حاڵەتـدا کاریگەرییـان لەسـەر دەرخسـتنی ڕەگەکانـدا دەبێـت لەهەمـان کاتـدا نیشـانەکان وەک تاکـە پیـت بەرانبـەر بەنیشانەکانی دی نابێت، لەمەشـدا زیادەیەک لـە چـاوگ و کارەکانـدا دەردەکەوێـت، کـە نـە بنجـی ڕەگەکەیـە، نـە پێوەنـدی بەگەردانـەوە هەیـە.

**بـۆ نموونـە:** چاوگەکانـی (نووسـتن، ویسـتن، گەیشـتن، ڕۆیشـتن، هێشـتن، ماشـتن، شووشـتن.... تـاد کـە بـە (سـت، شـت) دروسـت دەبـن، بەنـاوازە دەردەکـەون، چونکـە لـە (هێـلان، ماڵیـن) پیتـە (ل) لـە ڕەگ دەسـوێت و دەیانکاتـە (هێشـتن، ماشـتن)، یـان لـە (شـۆرین) پیتـە (ر) دەسـوێت ودەیکاتـە (شووشـتن)، هەروەهـا کـە بـە نیشـانە بنەڕیتییەکانیـان دەگۆڕرێـن، پیتـی (س، ش) لە (نو س تـن = نـڤ یـن) (وی س تـن = ڤـی ان) (گـەی ش تـن = گـەی یـن) (ڕۆی ش تـن = ڕۆی یـن) وەک زیـادە دەردەکەوێـت، ئەمـەش وادەکات وەک حاڵەتـی نـاوازە لێکدانەوەیـان بـۆ بکرێـت، بـەڵام ڕاستییەکەی ئـەم دوو نیشـانەیەش هەمـان ڕۆڵـی نیشـانەکانی دیکـە دەبینـن و هەمـان سـیفەتی نیشـانەکانی دیکـەی چاوگیـان هەیـە لـە دروسـتبوون و گەردانکردنـدا، چونکـە (تێکەڵـی ڕەگ و کاری فەرمـان و ڕانەبـوردوو نابـن.. دەبنـە دوا دەنگـی کاری ڕابـوردوو)، بۆیـە پێویسـتە بەنیشـانە بزانرێـن، چونکـە سـیفەتی نیشـانەکانی تریـان هەیـە، تـا ئـەو چاوگانـەی کـە بـەم دوو نیشـانەیە دروسـت دەبـن، بەنـاوازە هەژمـار نەکرێـن.

**هـۆکاری دووەم:** ئـەو چاوگانـەی کە بە نیشـانەی (ر، وو) دروسـت دەبـن بـە نـاوازە دەردەکـەون، چونکـە ئـەم دوو نیشـانەیە لـە بنەڕەتـدا پیتـی کۆتایـی ڕەگـن، بـەڵام ڕۆڵـی نیشـانە دەبینـن، چونکـە واتـای کاری ڕابـوردوو دابیـن دەکـەن، ئـەم چاوگانـەش چەنـد چاوگێکـی دیاریکـراو و کەمـن لـە زمانـی کوردیدا کە بریتیـن لـە (بـوون، چـوون، گـروون، سـوون، جـوون، دروون، فەرمـوون

- کـرن، بـرن، خـوارن، مـرن).

ڕاسـتییەکەی ئەگـەر ئـەم چاوگانـە بەشـێوە بنەڕەتییەکانیـان بـەکار بهێنرێـن و نیشـانەکانیان بـۆ بگەڕێنرێتـەوە، لەخانـەی ناوازەیـی دەردەچـن، چونکـە وەک ئاسـاییەکانیان لـێ دێتـەوە، ئـەم ڕاسـتییەش لـە هەمـوو چاوگەکانـدا دەسـەلمێت، چونکـە بەکارهێنانـە بنەڕەتییەکانیـان تـا ئێسـتاش لـە هەندێـک شـێوەزاردا پارێـزراوە، تەنیـا هـەردوو چاوگـی (بـوون، چـوون) نەبێـت، چونکـە شـێوەی دەسـتووری و بنەڕەتیـان (بـوان، بویـن)، (چـوان، چوین)ـە، بـەڵام بەکارهێنانیـان نەمـاوە، کەچـی چاوگەکانی تر ئێسـتاش بەشـێوە دەسـتووریەکەیان لـە هەندێـک شـێوەزاردا بەکارهێنانیـان هـەر مـاوە:

بۆنموونە:

- (گـروون)، لـە بنەڕەتـدا (گـروان، گروانـدن، گروین)ـە.
- (سـوون)، لـە بنەڕەتـدا (سـاوین، سـایین، سوین)ـە.
- (جوون)، لە بنەڕەتدا (جاوین، جایین، جوین)ـە.
- (دروون)، لـە بنەڕەتـدا (دوورین)ـە، بـەڵام بـە جێگۆڕکێـی پیـت بووەتـە (درویـن)، ئەوجـا بـۆ (دروون) گـۆڕاوە.
- (فەرموون)، لە بنەڕەتدا (فەرموین)ـە.
- (کرن)، لە بنەڕەتدا (کردن)ـە.
- (برن)، لە بنەڕەتدا (بردن)ـە.
- (خوارن، خارن)، لە بنەڕەتدا (خۆرین، (خواردن)ـە.
- (مرن)، لە بنەڕەتدا (مرین، مردن)ـە.

**هـۆکاری سـێیەم:** ئەگـەر بە گۆڕینـی نیشـانەی چاوگ، هێـزی تێنەپـەڕی بـۆ تێپـەڕی بگۆڕێـت، ئـەم چاوگـە بەنـاوازە دادەنرێـت، چونکـە لـە چاوگـە ئاساییەکاندا، ئاڵوگـۆڕی نیشـانەی چـاوگ نابێتـە هـۆکار بـۆ گۆڕانـی هێـز.

بۆ نموونـە: کـە نیشـانەی چاوگـی تێنەپـەڕی (گیران) دەگۆڕیـن، دەبێتـە تێپـەڕی (گرتـن)، بەمـەش هێـزی

چاوگ و کارەکە دەگۆڕێت، لەهەمان کاتدا کاریگەری لەسەر دەرخستنی ڕەگی بنەڕەتیش دەبێت، چونکە ڕەگی (گیر) بۆ (گر) دەگۆڕێت، بەمەش سوان و کرتانی پیت لەڕەگی بنەڕەتی چاوگەکەدا ڕوودەدات و ڕەگی کورتکراوە دروست دەبێت.

**هۆکاری چوارەم:** ئەگەر چاوگێک دەستووری دروستبوونی سەربەخۆی لەسەر ڕەگێکی تایبەت بەخۆی نەبێت.

بۆ نموونە چاوگی (هاتن) کە بناغەی دروستبوونی لەسەر ڕەگی (هانین)ـە، بەڵام لەئەنجامی گۆڕانی نیشانەکەی چاوگی (هانین) بووەتە (هانتن)، ئەوجا کورت بووەتەوە بۆ (هاتن).

**هۆکاری پێنجەم:** ئەگەر ڕەگی بنەڕەتی چاوگ لەجیاتی فەرمان و ڕانەبوردوو، لە گەردانی کاری ڕابوردوو دەربکەوێت، ئەم چاوگە بە ناوازە دادەنرێت، بۆ نموونە ئەگەر چاوگی (کردن، بردن، خواردن) گەردان بکەین.

- کرد، دەکات، بکە
- برد، دەبات، ببە
- خوارد، دەخوات، بخۆ..... دەبینین لەکاری ڕابوردوودا ڕەگە بنەڕەتییەکانیان دەردەکەوێت، ئەمەش پێچەوانەی چاوگ و کارە ئاساییەکانە، چونکە ڕاستییەکەی (کەر، بەر، خۆر) ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگانەن، ئەوجا گۆڕاون بۆ (کر، بر، خوار)، بەڵام لەبەر ئەوەی (کە، بە، خۆ) لەکاری ڕانەبوردوو بەکار دەهێنرێن، بۆیە بەهەمان یاسای چاوگ و کارە ئاساییەکان ئەمانە بە ڕەگ دانراون، لە کاتێکدا ئەمانە ڕەگی سواون، لە ئەنجامی گونجان و تایبەتمەندیی شێوەزار گەردانیان پێ دەکرێت.

**هۆکاری شەشەم:** ئەگەر چاوگێک لەکاری ڕانەبوردوودا بە شێوەی (ات، ەت، ۆت) گەردان ببێت، چونکە شێوە ئاساییەکەیان (ی، یت- ێ، ێت).

بۆ نموونە چاوگەکانی (کردن، خستن، بردن، ڕۆیشتن، گەیشتن، خواردن، شووشتن) کە گەردانی ڕانەبوردوویان دەبێتە (دەکات، دکەت / دەخات، دخەت/ دەبات، دبەت/ ، دەڕوات، دەگات/ دخۆت، دەخوات / دشۆت، دەشوات).

**هۆکاری حەفتەم:** ئەگەر لەچاوگێکی هاوشێوەی تێپەڕەکاندا، واتای بکەر و بەرکاری کار لەیەکتر جیا نەبێتەوە، بەناوازە دادەنرێت، چونکە لە تێپەڕی ئاساییدا بکەر و بەرکار دەبنە دوو کارەکتەری جیا، کە هەر یەکەیان ئەرکێک جێبەجێ دەکەن، ئەمەش هەموو ئەو چاوگانە دەگرێتەوە کە لە دەنگە سروشتییەکان و بەنیشانەی (خۆ) دروست دەبن.

بۆ نموونە:

- قیژاندن.... قیژێنەر- قیژێنراو
- حیلاندن.... حیلێنەر- حیلێنراو
- خۆگونجاندن... خۆگونجێنەر- خۆگونجێنراو
- خۆدەرخستن... خۆدەرخەر - خۆدەرخراو...

هەروەک دیارە بکەر و بەرکارەکانی کار لەم چاوگانەدا نابنە دوو کارەکتەر، بەڵکوو هەردووکیان یەک مەبەست دەردەخەن و یەک کار جێبەجێ دەکەن.

**هۆکاری هەشتەم:** ئەگەر وشەیەک هەبێت، لەیەک کاتدا ڕۆڵی ڕەگ و چاوگ ببینێت، بەناوازە دادەنرێت، چونکە لە چاوگی ئاساییدا، هەردەم لەسەر ڕەگ نیشانە و (ن) دادەنرێت، ئەوجا چاوگ دروست دەبێت، بۆ ئەم حاڵەتەش لە زمانی کوردیدا تاکە چاوگی (مان) هەیە، کە ئەم سیفەتەی هەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا (مان) ڕەگە، بەڵام وەک چاوگیش بەکار دەهێنرێت.

**هۆکاری نۆیەم:** ئەگەر ڕەگی چاوگ و کار جیاوازییان لەنێواندا بێت، چونکە لە حاڵەتی ئاسایی هەردەم ڕەگی چاوگەکان لە گەردانی کارەکاندا دەردەکەوێت، بۆ ئەم حاڵەتەش چاوگی (گوتن، دیتن) ئەو ڕۆڵە دەبینن، چونکە لە گەردانکردنی (گوت، دەڵێت، بڵێ)، (دیت، دەبینێت، ببینە)

دوو ڕەگـی جیاوازیـان بـۆ بـەکار دێـت.

**هـۆکاری دەیـەم:** ئەگـەر نیشـانەی چـاوگ تێکەڵـی گەردانـی کاری فەرمـان و ڕانەبـوردوو ببێـت، بەنـاوازە دادەنرێـت، چونکـە ئەمـە پێچەوانـەی حاڵەتـە ئاسـاییەکانە، کـە تەنیـا لـە کاری ڕابـوردوودا دەردەکەوێـت، بـۆ ئـەم حاڵەتـەش چاوگـی (بیسـتن، بەسـتن) هەیـە، چونکـە کـە گـەردان دەکرێـن (بیسـت، دەبیسـتێت، ببیسـتە) (بەسـت، دەبەسـتێت، ببەسـتە)، دەبینیـن نیشـانەکە لـە کاری فەرمـان و ڕانەبـوردوودا دەردەکەوێـت.

**هـۆکاری یازدەیـەم:** ئەگـەر توانایـی بکـەر لـە دەسـەڵاتی مرۆڤـدا نەبێـت، ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی چاوگێـک بەنـاوازە بزانرێـت، چونکە لەهەمـوو کارەکانـدا مـرۆڤ ڕۆڵـی جێبەجێکردن دەبینێـت، بـۆ ئـەم حاڵەتـەش چاوگەکانـی (پشـکواندن، بارانـدن، زایانـدن) هەیـە، کـە بکەرەکانی (پشـکوێنەر، بارێنەر، زایێنەر)یـان لـێ دروسـت دەبێـت، چونکـە مـرۆڤ ناتوانێـت (بپشـکوێنێ، ببارێنـێ، بزایێنـێ) بۆیـە ئـەم چاوگانـە لـەڕووی واتـاوە بـە نـاوازە دادەنرێـن، ئەگەرچـی لـەڕووی دروسـتبوون و گەردانکردنـەوە هیـچ جیاوازییەکیـان لەگـەڵ ئاسـاییەکاندا نییـە.

**هـۆکاری دوازدەیـەم:** ئەگـەر جیـاوازی واتایـی لەنێـوان چاوگێکـی تێنەپـەڕ و تێپەڕکراوەکـەی بـە (انـدن) هەبێـت، بـە نـاوازە دادەنرێـت، چونکـە لـە چاوگـە ئاسـاییەکاندا هـەردوو حاڵـەت لـە ئاخاوتنـدا هەڵگـری هەمـان واتـان، بـۆ نموونـە چاوگـی تێنەپـەڕی (چـوون) کـە بـۆ (ڕۆیشـتن) بـەکار دێـت، بەتێپەڕکراوی کـە دەبێتـە (چوانـدن) بـۆ مەبەسـت و واتـای دیکـە بـەکار دەهێنرێـت.

**هـۆکاری سـێزدەیەم:** ئەگـەر چاوگێـک بەشـێوە دەسـتوورییەکەی گـەردان نەکرێـت، بەڵکـوو لەکاتـی گەردانکردنـدا، کرتـان و سـوان لەڕەگـی بنەڕەتـی چاوگەکـەدا بکرێـت، بـۆ نموونـە لـە (ژیـان، گریـان) کـە گـەردان دەکرێـن (ژیـا، دەژیـت، بـژی)، (گریـا، دەگریـت، بگـری) بەنـاوازە دادەنرێـن، چونکـە شـێوە دەسـتوورییەکەیان (ژیـا - دەژی یـت، دەژی یـت - بژیـێ، بـژی ی) (گریـا - دەگـری یـت، دەگـری یـت - بگریـێ، بگـری ی)

**هـۆکاری چواردەیـەم:** ئەگـەر ڕەگـی بنەڕەتـی لـە چـاوگ و لەگەردانـی کاردا دەرنەکەوێتـەوە، بەنـاوازە دەزانرێـت، چونکـە لـە حاڵەتـی ئاسـاییدا هـەردەم ڕەگ لـە گـەردان و لـە یەکێـک لـە کاتەکانـی کار دەردەکەوێـت، بـۆ نموونـە چاوگـی (دان، نـان) کـە ڕەگـە بنەڕەتییەکەیـان (دەر، نەر)ـە، بـەڵام لـە گەردانـی (دا، دەدات، بـدە) (نـا، دەنێـت، بنـێ) دەرناکەوێتـەوە.

## چەند تێبینییەک

١-ئـەم هۆکارانـەی سـەرەوە چەنـد هۆکارێکـی گشـتی و بنەڕەتیـن لـە دەستنیشـانکردنی چـاوگ و کارە نـاوازەکان لـە زمانـی کوردیدا، بـەڵام لەوانەیـە لـە هەمـان کاتـدا هـۆکاری تریـش هەبـن کـە بـە خەیاڵـی ئێمـەدا نەهاتبـن.

٢- مـەرج نییـە هەمـوو چاوگـە نـاوازەکان لـە هۆکارەکانـی ناوازەییـدا بەشـداربن، بەڵکـوو هەندێکیـان بەشـدارن و هەندێکـی تریـان جیـاوازن.

٣- لەبـەر ئـەوەی هـەر شـێوەزارێک بـە پێـی تایبەتمەندیی ئاخاوتـن و دەربڕینـی خـۆی، چاوگـەکان بـەکار دەهێنێـت و کارەکان گـەردان دەکات، بۆیـە هەندێـک جیـاوازی و هـۆکاری ناوازەیـی لە شـێوەزارێکدا دەردەکەوێـت و لـە شـێوەزارێکی تـردا هەسـتی پـێ ناکرێـت.

٤- لەبـەر ئـەوەی تـا ئێسـتا زمانێکـی سـتانداردمان نییـە، بۆیـە دەستنیشـانکردنی هۆکارەکانـی ناوازەیـی و دۆزینـەوەی ڕەگوڕیشـە هـەر بـە جیـاوازی شـێوەزارەکان دەکرێـت، ئەمـەش وای کـردووە جیاوازی لـە بەکارهێنانی یاسـا ڕێزمانییەکانـی بابەتـی چـاوگ و کارەکانـدا بـۆ دەستنیشـانکردنی نیشـانەکانی چـاوگ و ئاسـایی و ناوازەیـی دەربکەوێـت.